## سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان
## سەرۆك

# فەرمانی هەرێمی
# ژمارە « ٩٥ » سـالْی ٢٠٠٧

پالْپشت بە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان–عێراق ، ژمارە (١)ی سالْی ٢٠٠٥ بڕیارماندا بە پەسەندكردنی درووشمی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەم شێوەی خوارەوە:–

**ماددەی یەكەم:**

درووشمی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان نیشانە و هێمای فەرمی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانە.

**ماددەی دووەم:**

درووشمی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ، بریتییە لە هەلْۆیەكی بالْبلاْوی زێڕین لەناو بازنەیەك ڕووەكەی ئالاْی كوردستانە .

**ماددەی سێ یەم:**

گرافیك ونەخش و ڕەنگەكانی دروشمەكە،وەك لە وێنەی هاوپێچ دا هاتوون ، بەشێكی جیانەكراوەی ئەم فەرمانەن.

**ماددەی چوارەم:**

١– درووشمی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان تەنها لەسەر بڕیاڕ و فەرمان و ڕێنمایی و هەر نووسراو و بلاْوكراوە و تۆمارێكی فەرمی تری سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەكاردەهێنرێت.

٢– درووشمی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەشێوەی تابلۆ لەكاتی ئەو بۆنەو كۆبوونەوە و كۆنفراسە فەرمیانە هەلْدەواسرێ كە لەلایەن سەرۆكایەتی هەرێمەوە بەڕێوەدەچن و سەرۆكی هەرێم تیایاندا ئامادە دەبێت.

٣–درووشمی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان،بەبێ پێشینە ڕەزامەندی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ، نابێت لەلایەن هیچ كەس و لایەن و كۆمپانیایەكەوە درووست بكرێت یان هەلْواسرێت یان بۆ مەبەستی بازرگانی چاپ و بلاْوبكرێتەوە یان بەكاربهێنرێت بۆهەر مەبەستێكی تر.

ئـەرشـیفی ڕۆژنامەی وەقائیع كـوردسـتان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم :**

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم لیژنەیەکی تایبەت مەندی پسپۆڕ پێکدەهێنێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە لەرووی هونەریەوەو سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی ماددەو بڕگەکانی دەکات.

**ماددەی شەشەم :**

ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونی یەوە جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**هەولێر**
**٢٤ی تەمووزی ٢٠٠٧**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com